# نازدار والی؛ بەنیازی ئەلبومێک، گەڕامەوە بۆ کوردستان

کچە شۆخ و شەنگی وڵاتی(مەم و زین) بەدەعوەتی عیرفانی زەنگەنە لە کۆمپانیای چوارچرا، لەرێگەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر گەیشتەوە کوردستان، لەدیدارێکی تایبەتدا، لەوڵامی پرسیاری پەیامنێری رۆژی گەل- کە چ هەستێکت هەیە ئێستا گەراویتەوە بۆ کوردستان و بۆ هاتویتەوەوە؟-رایگەیاند؛ زۆرخۆشحاڵم کەبۆجاری سێهەمە هاتومەتەوە بۆ کوردستان بەدەعوەتی کۆمپانیای چوارچرا و سوپاس بۆ کاک عیرفان زەنگەنەش. ئەمجارەش ئەلبومی خۆم پێک دێنم کەدوازدە تراکە، نیوەی ئاوازە کە فۆلکلۆرە و نیوەشی هیی باوکمە، دابەشکردنی ئاوازەکە لەلایەن سەید (ئەحمەد رەواندزی) ئیشی بۆکراوە. (نازدار خان) لەساڵی 1987 لە گوندی (دزیری بۆتان) لەدایک بووە ولە ساڵی 1993 (والی بۆتان)ی باوکی هانی داوە تاکو ببێتە گۆرانی بێژ، دوای چوارساڵ گەرانەوەی بۆ(دزیری بۆتان) لای باکوری تورکیا بەترسەوە، دیمانەیکم لەرادیۆو تی ڤی سازدا، بەڵام پۆلیس بۆ دەستگیرکردنم بەدوامەوە بوون. من یەکەم ئافرەت بووم کە توانیم دوای پیاوەکان بەگۆرانی بێژ دەرکەوتم و تەمەنیشم 19ساڵە. ماوەی چەند ساڵە لەوڵاتی ئەڵمانیا دەژیم. دوای ئەو ئەلبومە دوو کلیپی تر دەکەم لەکوردستان هەروەها بەرنامەیکی تەلەفزیۆنی لەسلێمانی و هەولێر دەکەم. جاری یەکەم کەمن هاتمەوە بۆکوردستان لەگەڵ سەید ئەحمەد رەواندزی سترانێکم تۆمار کردو بەیەکەوە لەرێگەی کوردستان تی ڤی بڵاومان کردەوە. دڵخۆشم بە کوردستان کەبەرەو مۆدێرن دەچێت و پیشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. سوپاسی کۆمپانیای چوارچرا دەکەم بۆ ئەم ئەلبومەم.



**رەوەند حاجی – نازدار والی**

**تێبینی/ هەواڵی هونەری دوالاپەرەی رۆژی گەل لەلایەن (رەوەند حاجی)وە ئامادە دەکرێت**

## ژووانگە

## پیرۆزبایی بۆ دوژمن!

ماوەیەک بوو سەر زمان و بنی زمانی سەرکردەو کەناڵەکانی راگەیاندن هەرەشەکانی دەوڵەتی تورکیا بوو.

تورکیا خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل دادەخات و گەمارۆ دەخاتە سەر کوردستان! تورکیا دەیەوێ هێزێکی تایبەتی خۆی لە ناو شاری کەرکوک دا جێگیر بکات و چاودێری چالاکی و جولانەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بکات! تورکیا هاودەستی لەگەڵ بەرەی تورکمانی دا دەکات و دەیەوێ رەوشی پارێزگای کەرکوک ئاڵۆزتر بکات و شەری نەتەوەکان هەڵبگیرسێنێ! تورکیا دەیەوێ ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێ و ریفراندۆم بەرێوە نەچێ! تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور کۆکردۆتەوەو دەیەوێ لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بکات! تورکیا دەست بەسەر ئەو کۆمەکانە دادەگرێ کە کۆریای باشوور بۆ هەرێمی کوردستان رەوانەی کردوون! سەرانی دەوڵەتی تورکیا بێرێزی بە سەرکردەکانی کوردستان دەکەن و بە سەرۆک خێڵ ناویان دەهێنن! سەرۆکوەزیرانی تورکیا بۆ خۆی ئۆکەی بە سوپای وڵاتەکەی داوە کە گوندەکانی کوردستان تۆپباران بکات! وەزیری دەرەوەی تورکیا دوژمنایەتی خۆی بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا دەکات و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا سکاڵا لە سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان دەکات! سەرچاوە باوەرپێکراوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دوای هەڵبژاردن سوپای تورکیا هێرشی سەر کوردستانی ئازاد دەکات!

ئەمانەو دەیان هەواڵ و زانیاری دیکە دەرخواردی کوردستانیان دران، ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گوول و دەوڵەتی تورکیا وەکو دێوی رەش پێشانی کوردستانیان دران، خەڵک ئامادەبوو لە دەمی خۆی بگرێتەوەو چەک و تەقەمەنی پێبکرێ، خەڵک ئامادەبوو سینگی خۆی وەبەر گوللەی تانک و زرێپۆشەکانی سوپای تورکیا بدات، خەڵک ئامادەبوو شورای مرۆیی لە سەر سنووری هەرێمی کوردستان دروست بکات، بەڵام لە هیکەوە هەموو هاوکێشەکان سەراوژێر بوونەوە، ئەردۆگان و حزبەکەی لە هەڵبژاردن سەرکەوتن و زۆرینەی دەنگیان هێنا، سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان و کەناڵەکانی راگەیاندن بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێرا، پەیامی پیرۆزباییان بۆ رەوانەکردن و وایان پێشاندا کە سەرکەوتنی ئەردۆگان و حزبەکەی لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان دایە!

سەرکردە سیاسیەکانی کوردستان لە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی و خواستنی هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ ئەردۆگان و حزبەکەی پێشبرکێیان کرد، بەر لە سەرکردەکانی جیهان پەیامی سەرکردەکانی کوردستان گەیشتنە کۆشکی چانکایە و باشبەکانیان دڵنیا کردەوە کە کورد شانازی بە دۆستایەتی دەکات و سەرکەوتنی ئەو لەبەرژەوەندی برایەتی گەلانی ناوچەکەدا دەبینێتەوە!

باشە هات و هاوارتان لەچی و ناردنی پەیامی پیرۆزباییتان لەچی؟! ئەگەر ئەردۆگانە دوژمنی سەرسەختی دەستەکەوتەکانی گەلی کوردستانە، بۆ پەیامی پیرۆزبایی بۆ دەنێرن و چۆنیش سەرکەوتنی ئەو لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان لێکدەدەنەوە؟!

**باوکی فلاد**




تایبەت بە رۆژی گەل:

سەرنووسەری گۆڤاری"سێکسۆلۆژی" لێی راگەیاندین کە گۆڤارەکەیان دوا ژمارە دەبێت لەبەرئەوەی لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە مۆڵەتی یاساییان لێ نەدراوە.

هەر لە درێژەی قسەکانیشیدا راگەیاند، کە ئەوە دوا ژمارە دەبێت کە ژمارە(4-5) ە وە ئێستا لە ژێر چاڵدایە و بەو نزیکانەش دواژمارەی بڵاو دەبێەوە.

سەرنووسەری گۆڤارەکە گوتی: سێکسۆلۆژی کە یەکەمین گۆڤاری زانستی سێکسۆلۆژییە لە کوردستان و سێ ژمارەشی لێ دەرچووە، دوای ئەوەی چوار جار داواکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لێشکەش کراوە بەڵام هەموویان رەتکراونەتەوە و بەرێز وەزیری رۆشنبیریش گوتی: ئەو گۆڤارە لەگداب و نەریتی ئێمە ناگونجێ و گرفتمان بۆ دروست دەکات"هەر بۆیە ئێمەش بریارماندا ئەمە دوا ژمارە بێت و گۆڤارەکە رابگرین.

## بۆ یەکەم جار لە شاری هەولێر تیپێکی هەڵپەرکێی کچان دامەزرا



## خالە ئەوراکس دەڵێ

**کاتێک** لیستی سەوز هۆڵی پەرلەمانی کوردستانیان جێهێشت و خواستیان کە پسپۆرانی بواری نەوت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای نەوت بهێنن، بەرپرسێک گوتبووی: خەم مەخۆن سبەینێ بۆ خۆیان دەگەرێنەوە ! ئەگەر نەگەرانەوە باشتر !

**سەرۆکی** هەرێم فەرمووبووی : هیچ هێزێک نیە بتوانێت دوو عاشق لەیەک جیا بکاتەوە! نووسەرو شاعیرەکانیش گوتیان: ئەوە بۆیە رۆژانە کچان و ژنانی کوردستان خۆیان دەسووتێنن، گوللەباران دەکرێن و بە بلۆک سەریان پان دەکرێتەوە !!

**رێکخراوێک** بە یاسا مۆڵەتی کارکردنی پێدرابوو، داوای بودجەشی لە حکومەت نەکردبوو، بەڵام چونکە حزب گومانی لەسەرچاوەی داراییەکی هەبوو بە بریاری حکومەت بارەگاکانیان لێداخستن!!

**رێکخراوێک** مانگانە سێ دەفتەر دۆلار بودجەی وەردەگرت، تا بودجەکەی پێدەدرا ئەشهەدوبیلای بۆ حکومەت دەکێشا، ئێستاش کە بودجەکەی کەم کراوەتەوە خۆی بە مەغدور دەزانێ و گلەیی لە حکومەت دەکات !!

**سەرکردەی** حزبێک چونکە بودجەیەکی 20 دەفتەری هەیە و سەدان پۆلیس و پیشمەرگەشی بۆ تەعین کراوە هەرگیز خۆی بە ئۆپۆزیسیۆن نازانێ، لەخەمی خەڵکی دانیەو بیریش لە ئۆپۆزیسیۆن بوون ناکاتەوە، بەڵام ئەگەر پۆلیسێکی لێ کەم بکەنەوە دەنگ بەرز دەکاتەوەو باسی پێشێلکاری و ئۆپۆزیسیۆن بوون دەکات!!

**بەرپرسی** حزبێک کاتی بابەتی ئەو نووسەرە بوێرەی خوێندبۆوە کە گلەیی لە سەرۆک و سکرتێری حزبەکان دەکات و دەپرسێ بۆچی پۆستەکانیان بۆ کەسانی دیکە چۆل ناکەن، گوتبووی : " بەو برادەرە بڵێن ئێمە بۆ خۆمان حزبمان دروست کردووە !! چۆن بۆ خەڵکی دیکە چۆلی دەکەین! با ئەوانیش بۆ خۆیان حزب دروست بکەن !!

ROJI GEL
Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK
Mob:07701398499 07301191497
ناونیشان: سلێمانی، گەرەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆرەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، 0532109256

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org
پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com